کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
19-11-2007 20:59بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

**شاسوارەکەی سوبحی مەهدی ... ڕزگارەزیز (پۆلا)**

پاش ئەوەی سوبحی مەهدی ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبی شیوعی لە لایەن چەند هاوڕێیەکی ناو حزب و دەرەوەی حزب فایلەکەی ئاشکرابوو، لە پڕ لە تەکەتولەکەی ئەو فایدارە، هەندێ کەسی نەشارززا لە دنیای سیاسەت و حزبایەتی، وەك شاسوار، بۆ بەرگریکرن لە خیانەت و جاسوسیکردنەکەی بۆ بەعس، بۆ خاتری شاردنەوەی فایلەکەی سوبحی، دەستیان کردە هێرشدەکەنە سەر هاوڕێ ڕەحمان، مەبەستیش شێواندنی مێژوی خەباتەکەیەتی.

پێم سەیەرە پاش ئەو نوسین وراستیانە لە پڕ شاسوارێك دێتە مەیدان، کە لە سەرەتای نوسینەکەی لە کوردستان نێت بۆ ماوەیەك شەرم دەیگرێت و دەڵێ من دیفاع لە سوبحی ناکەم، کە چی نەك دیفاعی لێدەکات، بەڵکو لە ڕێگەی بەرگریکردنەکەیەوە، هێرشیش دەکات سەر تیکۆشەرێکی ناسروی خەباتی مەفرەزە نهێنیەکانی ناو شاری سلێمانی و کەرکوکی حزبی شیوعی؟

وەك بیستومە ئێستا سوبحی مەهدی ئیحراج بووە، وەڵامی پێنیە بۆ هەموو ئەو ڕاستیانەی کە لە ڕۆژنامەی هاوڵاتی و سایتەکان خراونەتە ڕوو، بەڵکو بە شێوەیەك نابوت بووە، کۆمەڵێك هاوڕێی دڵسۆز لە محلی هەولێر و سلێمانی، ئامادە نین بچنە ناوکۆبونەوەیەك کە ئەو ئیشرافی بکات یان بەڕێوەی بەرێت (کە ئەمە بەس بوو کە شاسوار ئەسپی خۆی تاو نەدات) .

بەڵام ئێستا شاسوارێك دێت سوبحی بە حونجە لە سەر کێبوردی کۆمپیوتەر فێری نوسینی دەکات، خۆیدەکاتە پارێزەری خاوەن فایل و هێرشی ناڕەوا دەکاتە سەر هاوڕێ ڕەحمان ئەمەیان نەك پێویستی بە هەڵوێستی کەسێکی دابڕاوی وەك من هەیە لەو سەرکردایەتی ئەوحزبە، بەڵکو خودی ئەو سەرکردایەتیە کە بەشێکی زۆریان بە ڕەقەم و کات و شوێن، ئەزانن یانی چی کارە حزبیەکەمان لە ماڵی هاوڕێ ڕەحمان و گرنگی ئەوان لە سەردەمی خەباتی نهێنی، بۆیە نەدەبوو لەبەر خاتری شاردنەوەی جاسوسیکردنی ئەندامێکی مەکتەب سیاسی، قبوڵ بکەن مێژوی خەباتی شیوعیەکان لە سەردەمێکی گرنگی خەبات بشێوینێت.

سەبحی مەهدی وەك بەرپرسیاری یەکەمی ڕێکخستنی حزبی شیوعی دەبوو شانازی بە کارو خەباتی ڕەحمان و هاوڕێکانی بکردایەو وەك بەشێکی خەباتی شیوعیەکان نەك خەڵك هانبات بۆ شێواندنی هەموو خەباتێك، تەنها لەبەر ئەوەی خەباتەکەی خۆی نوقمی قوڕاوی موخابەرات بووە.

لەسەرەتای ساڵی 1984 تا دەسگیرکردنم لە ساڵی 1989 کە پاشان نزیکەی 14 ساڵم لە زیندانا بردەسەر، شاهێدی خەباتی ڕەحمان غەریب و هاوڕێکانیم، گەر سەرکردایەتی حزبەکەی پشت لەم ڕاستیە ئەکەن، ئەوە من و مێژوو، من و جەماوەر، من و ویژدانی زیندوو نەك مردووی شیوعیانە، دڵنیام هەموو ئەو هاوڕێیانی زیندان و کادێرو سەرکردایەتی حزبی شیوعی عێراق و کوردستان ئەزانن ئەم شەهادەیەم لە خۆڕایی نیە.

هاوڕێ ڕەحمان، کە ئێستا شاسوارەکانی سوبحی کردویانە بە ئامانج و ناوی ئەزڕێنن، پێکەوە لە خەباتی نهێنی و مەفرەزە پارتیزانەکانی حزبی شیوعی خەباتمان کردوە، شار بەشارو مەفرەزە بە مەفرەزە، بیرمە و یادم ناچێت، ڕەنگە شاسوارە بەکێگیراوەکەی سوبحی تێنەگات ئەم خەباتە مانای چی.

ئەو کاتانەی کە پارێزەرە شاسوارەکەی سوبحی مەهدی ڕەحمانی پێ تاوانبار ئەکات، ئەوە ئەو کاتانەیە کە ئەو هاوڕێیەمان لە گەرمەی کاری حزبی بووە، خەباتێك نەك من بەڵکو چوار سکرتێری یەك لە دوای یەکی ئەو حزبە، لە بۆنەی جیاجیادا لەبەردەم سووبحی مەهدی و ڕەنگە شاسوارەکانی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

تری ئاماژەیان بۆ کردوە، ئەم تۆمەت هەڵبەستنەش ڕەنگە تەنها شاسوارەکەی کوردستان نێت بڕوای پێبکات.

ئێستا کە ڕحمان غەریب ڕۆژنامەنوس و دێت پەردە لەسەر جاسوسیکردنی ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی (حزبەکەی خۆی) هەڵدەماڵی، ئیتر سوبحی و شاسوارە فاشیلەکانی لە بری ساغکردنەوەی ئەو ڕاستیانە، کە وەك خۆر خۆی دەکات بە بارەگاکانی حزبی شیوعی، دێن بە زمانێکی پەڵت تەشهیر بەو ڕۆژنامەنوسە ئەکەن.

ئەوەی شاسوارکردۆێتی بە بیانوو گوایە سوبحی لە کۆنگرەی حزبی شیوعی عێراق بووە بە کوردستانی بانگهێشتی کردبێت بۆ سەربەخۆبوون، ئەوە نەك هەر ڕاست نیە، بەڵکو لەو کۆنگرەیە سوبحی و هەموو بە ناو کوردستانیەکان " شاهد ما شافش حاجە" بوون ونەك عەرەبی بەڵکو کوردیشییان بیرچبۆیەوە، ئەمە جگە لەوەی کە کوردستانیبوونی سوبحی لە نوکتەیەکی بێتام ئەچێت چونکە لەسەر کوردستانییبون گاڵتەجاڕی بە هاوڕێکانی خۆی کردوە، ئیترکوردستانی چی.

من بڕوام نەئەکرد شاسوار هەبێت لەم کوردستانە دیفاع لە سوبحی بکات، تا نوسینی شاسوارەکەی سوبحیم خوێندەوە، کە لە نوسینەکەیدا دیارە فایلدارەکە خۆی حونجەی بۆ کردوە چی بنوسێت.

ئەمەی کە ئێمەو خودی ڕەحمان غەریب خستمانە ڕوو (تەشهیر) نین تا بە (تەشهیر) کردن بە بەرامبەر وەڵامبدرێنەوە، بەڵکو ئەمە ڕاستی حاڵی ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی حزبی شیوعیە، ئەبێت سوبحی و حزبەکەی وەڵامی بدەنەوە، نەك سوبحی خەڵك بکڕێت و فێری نوسینی بکات، لەبری خۆی ڕەحمانی لێ ببێتە جاسوس؟

با نوسەرە پارێزەرەکەی سوبحی بچێتە بارەگاکانی سەرکردایەتی لە هەولێروسلێمانی لەوێ لە یەکەیەکەی ئەندامانی سەرکردایەتی کۆن و تازە بپرسێت، ئەو فایلەی ڕەحمان تەسلیمی سکرتێری ئەو حزبەی کردوە، چ ڕیسواییەکی تیایە بۆ سوبحی؟.

شاسوار ئەگەر شاسوارەو خودی سوبحی خۆی نیە، با لە کەریم ئەحمەد، کەمال شاکر، مامۆستا قادر، ئەبو کاروان، مەلاحەسەن، حەیدەرفەیلی، عەلی زەنگەنە، دایکی بەهار، کرێکار، دیلمان ئامێدی، ئاکۆ، سرود، جەلال دەباغ، باباعەلی، شەپۆل، ئەحمەد شیروانی، هادی محمود، شلێر، سەلیمەسور، ابو شاخەوان، ئەبوحەربی، ولیستێکی درێژی تریش لە کادێری محەلیەکان، بپرسێ ئەرێ گەلی برادەرینە ئەوەی ئەو هاوڕێیانە نوسیویانە بە نوسینەکەی ڕەحمان غەریبەوە، وڕێنەن و شتی وا لە ئارادانیە؟.

بەڵام کە کەسێك نەیزانی، نەیزانی کەنازانێ، بارێك دەکرێت لە شێوەی شاسوارەکەی سوبحی کە تەنها لە شان و شەوکەتی ئەو جوانە، کە لەبەرامبەر بچوکترین ڕاستی وەك بونی " فایلەکەی سوبحی" و پەیوەندی بە (عیزەت دوری) وە هەرەس دێنێ و نوسینەکەی لەبەردەم خوێنەران دەبێت بەو دەعبایە کە ڕەنگە تەنها بۆ پێکەنین دەست بدات.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.